پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ڕۆژی قوربانیدا نوێژی ئەنجامدا، پاشان وتاری دا، وپاشان قوربانیەکەی سەربڕی، وفەرمووی: هەرکەسێک (قوربانیەکەی) سەربڕی پێش ئەوەی نوێژ بکات با یەکێکی تر لە جیاتی سەربڕێت، وئەوەی قوربانیەکەی سەر نەبڕیوە؛ با سەری ببڕێت (پاش ووتنی) ((بسم الله

لە جوندوبی کوڕی عبداللەی بەجەلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ڕۆژی قوربانیدا نوێژی ئەنجامدا، پاشان وتاری دا، وپاشان قوربانیەکەی سەربڕی، وفەرمووی: هەرکەسێک (قوربانیەکەی) سەربڕی پێش ئەوەی نوێژ بکات (نوێژی جەژن) با یەکێکی تر لە جیاتی سەربڕێت، وئەوەی (قوربانیەکەی سەر نەبڕیوە؛ با سەری ببڕێت (پاش ووتنی) (بسم الله)*». *(واتە: بەناوی خودا
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ڕۆژی قوربانیدا سەرەتا نوێژی ئەنجامدا، پاشان وتاری دا، وپاشان قوربانیەکەی سەربڕی، قوربانیەکەی بەرەو موسەڵا* دەبرد؛ ئەمیش بۆ دەرخستنی دروشمی ئیسلام وفێرکردن وسوود گەیاندن بە ئومەت، حوکم ومەرجی قوربانیکردنی بۆیان ڕوونکردەوە؛ فەرمووی: هەرکەسێک (قوربانیەکەی) سەربڕی پێش ئەوەی نوێژ بکات (نوێژی جەژن) با یەکێکی تر لە جیاتی سەربڕێت، چونکە قوربانیەکەی دروست نییە وقبوڵ ناکرێت وەکو قوربانی بەڵکو تەنها خێرێکە، وئەوەی قوربانیەکەی سەر نەبڕیووە؛ با سەری ببڕێت (پاش ووتنی) (بسم الله)*؛ بۆ ئەوەی قوربانیەکە دروست وحەڵاڵ بێت، ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر دروستی ئەم ڕێزبەندیە وجگە لەم ڕێزبەندیە دروست نییە. وهەروەها بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کاتی قوربانیکردن لە پاش نوێژی جەژنە، نەک پاش نوێژی بەیانی ڕۆژی جەژن مەگەر بۆ کەسێک نەبێت کە نوێژی جەژنی لەسەر واجب نەبێت وەکو کەس ڕێبوار (موسافیر). *(موسەڵا: خاکێکە لە دەرەوەی مزگەوتەکان نوێژی جەژن ونوێژە بارانەی تێدا ئەنجامەدرێت)، **(واتە: بەناوی خودا

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5400